کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 29-11-2007 21:08

## خوێندنەوەو کاریگەریەکانی خێزان ... ئەرسەلان مەحمود



لەگەڵ ڕەخساوی دۆخەکەو تا ڕادەیەکی بەرچاویش دابینکرانی ئامێرو هۆکارگەلێکی یارمەتیدەری وەك ئەنتەرنێت و زۆربوونی ژمارەی پەرتوك و ڕۆژنامەو سەرچاوە جۆراوجۆرەکان بەزمانی بیانی و کوردی بەتایبەتی، زۆرێك پێیان وایە ئاستی خوێندنەوەو خۆخەریکردنی تاکی کوردی لەگەڵ دنیای مەعریفی و بروەدان بەخۆ ڕۆشنبیرکردن و بونیاتنانی کەسیەتیکی خاوەن سەرمایە لەو بوارەدا، بەتایبەتیش لەناو گەنج و لاواندا ڕوو لەکزی و لاوازییە، پەیامنێرمان لەبەدواداچونێکدا بیرو ڕای (231) بەشدار بووی نێو ڕاپرسییەکی (هەڕەمەکی) پێکهاتوو لەچین وتوێژە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەییەکانی هەریەك لەشارەکانی ڕانیەو قەڵادزی و دەڤەری ڕاپەڕین بەگشتی سەبارەت بەوەی ئاخۆ وەك تاکێك (زۆرو کەم ڕۆژانە دەخوێنیتەوە یان نا، گرنگترین هۆکارەکانی نەخوێندنەوەی کامانەن؟.. تا چەند خوێندنەوەی ڕۆژنامەو پاشکۆی هەواڵەکان و بابەتە وەرزشی و هونەری و سیاسیەکان بەتاکە سەرچاوەی خوێندنەوەیان دادەنێنت؟.. تاچەند خوێندنەوە وەك خولیاو ئارەزووێك مامەڵەی لەتەکدا دەکات؟.. خوێندن تاکوی وەك هۆکارێکی دوور لەدنیای خوێندنەوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و بونیاتنانی کەسیەتیەکی تەواو هۆشیار دەشی پشتی پێببەستری؟.. باشترین شێوازەکانی خوێندنەوە کامانەن؟.. درەئەنجام" (21%) بەشدار بووانی تەمەن (23ــ 32) ساڵی تێکەڵ لەهەردوو ڕەگەزی نێرومێی نێو پێکهاتە ئاماژە پێکراوەکەی سەرەوە ووتیان ناخوێنینەوەو نەمانتوانیوە هیچ کاتێك بۆ ئەو مەبەستە تەرخانبکەین، وتیشیان زۆر تر خولیاو ئارەزووی سەیرکردنی ڕاگەیەندراوی بیندراومان هەیە، هەروەك چۆن هۆکارەکانی نەخوێندنەوەشیان بۆ ناتەندروستی شێوە ئەدای پەروەدەکردەنی خێزان کەوا نەکراوە خۆشەویستی و هەستێکیان بۆ ئەو مەبەستە لەمناڵییەوە لەلادروست بکرێت، نەبوونی پەرتوکخانە لەقوتابخانەو خوێندنگاکان، کاریگەریەکانی هاوڕێیەتی، نەبوونی هۆشیارییەکی بابەتی سەبارەت بەبایەخی خوێندنەوە"لەلایەکی ترەوە " (43%) بەشدار بووانی تەمەن (24 ـ 36) ساڵی تر پێیان وا بوو پرۆسەو فەلسەفەی خوێندن و پەروەردە لەوڵاتی ئێمەدا تا ئێستا جگەلەوەی لەئاستێکی پێویست و هاوچەرخ دانیە، ناشتوانری وەك تاکە هۆکاری وەدەست هێنانی زانیاری و بونیاتنانی کەسیەتیەکی خاوەن پێگەو بەئەزموون و تەواو هۆشیار پشتی پێببەسترێت"لە (7%) بەشدار بووانی تەمەن (29 ـ 37) ساڵی تریش، ووتیان ئێمە خوێندنەوە بەپێویستیەکی ڕۆژانەی ژیان دەبینین و وەك خولیاو ئارەزووێك کردوومانەتە پیشەو حەزی پێدەکەین"هەروەها لە (15%) بەشدار بووانی تەمەن (25 ـ 37) خوێندنەوەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانیان وەك تاکە سەرچاوەی خوێندنەوەی ڕۆژانەو مەودا فراوانی خۆیان پێڕاگەیاندین" (14%) ی بەشدار بووانی تریش ووتیان باشترین شێوازی خوێندنەوە بەجۆری بکاری زانیاری بابەتی و شارەزای باشت بداتی، ڕێگای هەڵبژاردنی بابەتێکی دیارکراو خوێندنەوەی بەردەوامیەتی تا ئەو شوێنەی خوێنەر دەگەیەنێتە ئاستێکی تێگەیشتن و شارەزای باش، هەروەك چۆن باسی ئەوەشیانکرد دەشی دوای ئەوە بەهەمان شێوە بەردام بیت و بابەتێکی جیاواز تر هەڵبژێریت، دواجار ئەگەرچی ویستمان بیروڕای سی لەپەرتوکخانەکانی دەڤەرەکە سەبارەت تیشکخستنە سەر هەمان تەوەورو ئاستی فرۆشتنی پەرتووك و نەوعیەتیان وەر بگرین وەلی بەبڕوای زۆرێك لەبەشدار بووانی ڕاپرسیەکە جگەلەوەی ئەوان وەك سەرچاوەیەکی هاندەرو دەست پێڕاگەیشتن بەسەرچاوە جۆراوجۆرەکانی دنیای بڵاو کردنەوە بۆ خوێنەر، نزیکیەکی ئەوتۆ تریان لەوەدەست خستنی ئامانجەکانی ئەم ڕاپۆرتەمان نابێت..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.